کۆمیتەی پارتی: ڕووتی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران ئاکامی هەبووە

ئەمڕۆ یەکشەممە، (26ـی ئایاری 2024)، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی حزبەکە، کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکەیش ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا هاتووە، کە ڕووتی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران ئاکامی هەبووە و پێوەندییەکانیشیان لەگەڵ تورکیا ڕووی ئاسایی خۆی وەرگرتووە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئاماژەی بەوەکردووە، لە هەوڵەکانیان لەگەڵ لایەنەکان بە گشتیی بە چارەسەریی کێشەکان بەردەوام و دوای ئەوەی چارەسەریی کێشەکانی کە لە هەوڵستی ڕاگەیاندراوماندا باس کراون بکرێن و ڕێککارەکان لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دابن و هەڵبژاردنەکە ببێتە هەڵبژاردنێکی گەل پێسند، هەوڵستی خۆمان ڕادەگەیەنین.